# گەندەڵی چاك لە كۆێدایە ؟
# وەڵامێك بۆ خۆشەویستمان كاك كۆردۆ شوانی

عەلی مەحمود محەمەد

ئەمڕۆ لە سایتی خۆشەویستی كوردستان ئانان كە بەڕێوەبەرەكەی چندین خول ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری چاك و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری چاكیشە , وتارەكەی بەڕێزتم خوێندەوە بە ناوی " ئایا ناوەندی چاك گەندەڵە " , من پێم وایە جێگەیەكی باشت لە بڵاوكردنەوەی بابەتەكەت هەڵبژاردووە , چونكە سایتەكە ناوماڵی ئەو لایەنە تۆهمەتەكانی بە باڵادا براوە , لەهەموو كەس زیاتر بەڕێوەبەری ئەو سایتە دەزانێت چاك نە شتی ژێر بە ژێری هەیە , نە داراییەكی واشی هەیە پڕ بە سكە خواردنێك دزی لێبكرێت , نە موچە خۆرێكی هەیە , نە نان دەرێك .

ئەوەی ڕاستی بێت من هیچ لێدوان و چاوپێكەوتنێكم لە لایەن كەسەوە لە سەر گەندەڵی چاك نەخوێندۆتەوە , تەنها ئاگادارم كە چەند بەڕێزێك وازیان هێناوە , بە داخەوە بەشی زۆریان نەك هیچ چالاكییەكم لێیان نەبینیوە بۆ چاك بگرە تاكو واز هێنانیشیان نەمزانیووە هەر ئەندامن , لە ڕاستیدا چاك لایەنێكی وا گەورە نییە چەند كەسێك وازی هێنا ئەو گرنگییەی پێ بدرێت وەك ئەوەی هەنگوینیان لە كونە دارا دۆزیبێتەوە , ئەگەر نەخشەیەك لە پشت ئەمەوە نەبێت ؟ دەكرا پەیوەندییەكیش بە ئێمەوە بكرێت بۆ ئەوەی دوو قسە لە گەندەڵییەكان خۆمان بكەین , ئامادەشین ئەوەی هەمانە بیخەینە بەردەست لیژنەیەكی نەزاهە بۆ ئەوەی لە گەندەڵییەكانمان بكۆڵێتەوە , با لە ئێوەی كەس و كاری قوربانیان پێك هاتبێت , چونكە بەدڕەوشتییەكی گەورەیە ئێمە كە ئیدعای گەورە دەكەین و بۆ خۆشمان گەندەڵ بین , ئەوەی پێی دەكرێت 1 فلس گەندەڵیمان لەسەر ئاشكرا بكات مافی خۆیەتی هەموو قسەیەك بكات و بینوسێت , وەلێ ئەگەر هیچ نەسەلمێنرا ئەوە بۆ خۆی جوان نییە , قسە بە خۆڕاییە و ئاسانە كردنی وەلێ سەلماندنی گرنگە , ئێمە بەبەردەوام بوون لە كارەكانمان وا دەكەین لە داهاتوودا ئەوانەی ئەو قسانە دەكەن پەشیمان ببنەوەو دەرگای پەیوەندیكردنەوەمان پێ بگرن , ئەگەر بە ڕاستی بیانەوێت كار بۆ ئەو پرسە گەورەیە بكەن , واز هێنانی ئەو بەڕێزانەش هیچ كاراییەك لەسەر چالاك بوونی چاك دانانێت .

گەشەكردن و هەڵوێستەكانی چاك زۆر لایەن و كەسی ناڕەحەتكردووە , ئاساییشە لە ئێستاو داهاتوو گێچەڵی جۆراوجۆرمان بۆ دروستبكرێت , زۆرن ئەوانەی بە كارەكانی چاك زیانلێكەوتەن , لە كەس و پارتی دەسەڵاتدارەوە تاكو هەندێك لایەنی سیاسی چەپگرا كە ئێستا لە هاندەران بە چالاكییەكانی چاك كەوتونەتە پەراوێزەوە , هەموو هاوبەشن لە هەوڵدان بۆ لاوازكردن و كێشە دروستكردن بۆ چاك بە تایبەتی بۆ سیماكانی .

گرنگ ئەوەیە ئێمە لەسەر پەیڕەوی كاركردنی خۆمان " ئاسۆیی لە كاركردن , پێشەنگ بوون لە پشتگیری لە داواكارییەكانی خەڵك , داهێنان لە شێوازی كاركردن و جێكەوتەیی دروشمەكان , ئاشكرا كاری و نەبونی

هیچ جیاوازییەکی هەرەمی لە ڕێکخستن " بەردەوام دەبین , ئەوانەشی ئەو شێوازەیان ناوێت با ڕێکخراوی خۆیان پێك بهێنن و کاری باشتر ئەنجام بدەن و دەستیان خۆش و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین , وەك باستکردووە ئێمە بە یەك بانگەواز چاکمان ڕاگەیاند , ئەگەر ئەوانیش هیمەتیان هەبێت گران نییە بۆیان , من پێم وایە هەرچەندە هەندێکیان هەر ناناسم , ئەو بەڕێزانە کەسی پاك و تێکۆشەر و شەرافەتمەندن دەتوانن کاری باش بکەن و ڕۆڵی پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگادا بگێڕن .

لە کۆتاییدا داوای لێبوردن لە کەس و کاری قوربانیان بە تایبەتی خەڵکی شاری هەڵەبجە و ئۆردوگای شۆڕش دەکەم , کە نوێنەرانمان لەو جێگایانە گوایا هەبووە , کەچی نەمانتوانیوە داکۆکی لە مافەکانیان بکەین لە کاتی نارەزایەتییەکانیان .

ئەزموون دەریخستووە , ئەوانەی لە ڕەخنەدا دەوڵەمەند بوونە , هەمیشە لە پراتیکدا هەژار بوونە , داهاتووش دەیسەلمێنێت چاك هەر بە ڕێکخراوە سەربەخۆ و چالاك و داهێنەرەکە دەمێنێتەوە , بگرە زیاتریش هەنگاو دەنێت , داوا لە هەموانیش دەکەم خۆیان بە خاوەندی ئەم ڕێکخراوە سەربەخۆ و ساواو هەژارە داهێنەرە بزانن و پشتگیری لە کار و چالاکییەکانی بکەن .